دەرمانی (amiodaron-cordaron) و ژاراوی بوونی تایرۆید

یەکێك لەو دەرمانە ناسراوانەی زۆرجار لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپادا دژی ناچووستی دڵ بەکار دەهێنرێت بریتییە لە (amiodaron-cordaron) ە ، تووێژینەوەکانی ئەم چەند ساڵانەی دووایی لەمەڕ ئەم دەرمانە سەلماندوویانە کە دەرمانەکە دەبێتە هۆی ژاراوی بوونی گلاندی تایرۆید (Thyreotoxicos) . ئەوی راستی بێت لە 37٪ ی دەرمانەکە لە ماددەی یۆد پێکهاتووە و لەوانەشە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی تایرۆید (Hypoterios) یان بەرزبوونەوەی تایرۆید (Hyperteros) . دەرمانەکە دەچێتە نێو شانە جیاوازەکانی لەشەوە و لەوێدا کۆدەبێتەوە . لە چەند تووێژینەوەیەکدا ڕێژەیەکی بەرزی دەرمانەکە لە نێو شانەی چەوری ، جگەر ، سییەکان ، گورچیلەکان ، دڵ ، مێشك ماسوولکە و ئێسکدا دەستنیشانکراوە . هەروەها ئاماژە بەو ڕاستییە کراوە کە دەرمانەکە لە نێو جگەردا زیندەپاڵ دەکرێت بەڵام زۆر لەسەرخۆ و بە ڕێگای زەردەوی زراوەوە دەکرێتە دەرەوە .

لەم تووێژینەوەیە ڕوونکراوەتەوە گەر نەخۆشێك بۆ ماوەی 3 مانگان دەرمانەکە نەخوات ئەوا هەر نیشانە لاوەکییەکانی دەرمانەکەی تیادا دەمێنێت . بە هۆی ڕێژەی بەرزی یۆد لە دەرمانەکەدا دەتوانین کاریگەری لە سەر فەنکشنەکانی تایرۆید هەبێت . لەبەرئەوەی هەندێك نەخۆش تووشی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی تایرۆید (Hypoterios) و هەندێکی دی تووشی بەرزبوونەوەی تایرۆید (Hyperteros) دەبن . لەم بارەدا 2 جۆر نەخۆش هەیە :

1- جۆری یەکەم ، باریکی Hyperterios دێتە ئاراوە .

2 - جۆری دووەم ، لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە هۆکاری یاریدەدەریان هەیە کاتێك ڕێژەی IL-6 زۆر بەرزە چونکە IL-6 پێوەرێکە بۆ Thyreoidit .

لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە تووێژیارانی ئەم بابەتە وای بە باش دەزانن و ڕێنمانی پزیشکانی دی دەکەن کە پسپۆری نەخۆشییەکانی دڵ و پسپۆری نەخۆشییە هۆرمۆنییەکان پێکەوە ئەو گیروگرفتە چارەسەربکەن . هەرچەندە گێڕانەوە و باسکردنی باری هەندێك نەخۆش زۆر ئاڵۆزە بە تایبەتی هەندێك نەخۆش (amiodaron-cordaron) ی پێ دەکەوێت ئەوسا گیروگرفتەکە ئاڵۆزتر دەبێت .

سەرچاوە

1. David Nathanson, et .al. Amiodaron som behandling mot förmaksflimmer gav tyreotoxikos. Läkartidningen, nr. 16.vol 102;2005. 1231-33